### وەرگێڕ
لە ڕێنمایی پێشەیی لە ئۆسلۆ وەرگێڕی پۆلێنکراو بەکاردێنین.

### تێبینی پیشەیی
کاتێک ڕێنماییکاری پیشەیی لە ئەرکەکەی تەواو دەبێت، تێبینیەکانی خۆی لەسەر گفتوگۆکانتان و، ویست و هەلەکانی بەردەستی تۆ بۆ خوێندن یان کارکردن لە نەرویج دەنووسێت. بەرپرسی دۆسییەکەت لە نووسنگەی ناڤ ئەو تێبینیانە دەخوێنەتەوە و، زانیاری گرنگی لەبارەی ویست و پلانەکانتەوە سەبارەت بە بەرنامەی خوێندنی نەرویجی، دەست دەکەوێت.

### پلانی گونجان لە گەڵ کۆمەڵگە
دوای کۆبوونەوەی پیشەیی پێشوەختە، تۆ و و ڕاوێژکارێکی نەرویجی لە سەنتەری NAV خزمەتگوزاری یەکەم پلانی گونجانی تۆ لە کۆمەڵگەدا دەنووسن.

### نهێنی پاراستن
ڕاوێژکاری پیشەیی ئەرکی نهێنی پاراستنی هەیە. ئەوەش مانای وایە کە ڕاوێژکاری پیشەیی ناتوانێت بەکەس بڵێ کە چیتان باسکردووە.

Oslo

**Adresse:**
Karoline Kristiansens vei 8
0661 Oslo

**Telefon:**
23470000

**Epost:**
karriereveiledning.intro.felles@osloskolen.no

**Post:**
Oslo Kommune,
Utdanningsetaten,
Oslo Voksenopplæring Servicesenter,
Postboks 6127 Etterstad
0602 Oslo



Oslo

# ڕێنمایی پیشەیی پێشوەختە

یەکەمجار چەندین کۆبوونەوە لە سەنتەری خزمەتگوزاری فێرکردنی گەورەسالان لە ئۆسلۆ ئەنجام دەدرێت:

١ـ کۆبوونەوەی نەخشەسازی.

٢ـ ڕێنمایی پیشەیی.

٣ـ کۆبوونەوەی پلان دانانی گونجان لە گەڵ کۆمەڵگە.

ئەم کۆبوونەوانە بەیەکەوە گرێدراون، گرنگە تۆ ئامادەی هەموو کۆبوونەوەکان بیت




## ڕەنگدانەوە

چاوت بەڕاوێژکاری پیشەیی دەکەوێت کە سەرەبارەت بەکارەکانی ڕابووردوت و، گرنگی ویستەکانت لەژیانی نوێتدا لە نەرویج و، تۆ کێیت و چ هیوایەکت هەیە، قسەت بۆ دەکات. هەروەها تۆش کەمێک باسی ژیانی خۆتمان لە وڵاتی خۆت بۆ دەکەیت.

## چیرۆکی تۆ

ئێمە پێمان وایە کە تۆ زانیاری و، ئەزموونی زۆری پێشووت هەیە کە گرنگ دەبێت لە ژیانی نوێی خۆتدا لە نەرویج. هەر بۆیە هیواداریین شتێکمان پێ بڵێیت دەربارەی ژیانت لە وڵاتی خۆت.

## تۆ بڕیار دەدەیت

تۆ و ڕاوێژکاری پیشەیی هاوڕا دەبن کە باس لە ڕێنمایی بکەن. تۆ خۆت دواڕۆژی خۆت و، هەڵە جیاوازەکان دیاری دەکەیت.

## ڕێنمایی پیشەیی پێشوەختە

ڕێنمایی پیشەیی پێشوەختە دەبێت هەم یاریدەدر بێت و، هەم دڵنیاییت پێبدات لە بژاردەی خوێندن و کاری باشدا. لە ڕێنمایی پیشەیی پێشوەختە لە ئۆسلۆ، لە گەڵ ڕاوێژکارێکی پیشەیی چاوتان بەیەکتر دەکەوێت و، سەبارەت بەوەی چی دەتوانیت بکەیت و، چیت دەوێ بیکەیت، قسەت لەگەڵ دەکات. هەروەها ڕاوێژکاری پیشەیی سەبارەت بەوەی کە تۆ پێشتر چ کارێکت لە ژیانتدا کردووە، و چۆن ئەزموونەکانت لە نەرویج بەکاربهێنیت، قسەت لە گەڵ دەکات. ئێمە دەمانەوێ تۆ لە ئاستێکی باشدا بیت و، ئێمە هەمیشە ڕێز لە خۆت و بارودۆخەکەت دەگرین.

